# پێجەمین کۆنفرانسی ساڵانەی ڕێکخراوی نەرویج لە ڕۆژانی 27 و 28 ئابدا لە ئۆسلۆ بە سەرکەوتوویی کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا










بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی حزب لە نەرویج و دۆستان و هاوڕێیانێکی زۆر و دووای ڕسمیەتدان بە کۆنفرانس و هەڵبژاردنی هەیئەتی بەڕێوەبەرایەتی کۆنفرانس، کۆنفرانس کارەکانی خۆی بە سروودی ئەنتەرناسیونال و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێز لێنان لە گیانی هاوڕێ منصور حکمت و سەرجەم گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم دەستپێکرد. بە دووای پەسەندکردنی ئاییننامەی کۆنفرانسدا هاوڕێ داریوش نیکنام، بەرپرسی کۆمیتەی نەرویجی حزبی حکمەتیست پەیامی خۆی دا بە کۆنفرانس و لە بەشێك لە پەیامەکەیدا ووتی کە ئێوە و ئێمە کاری زۆرمان لە ڕێیەو دەبێت بچین بیانکەین و ئەوزاعی سیاسی کۆمەڵگای عێراق بە جۆرێکە کە لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستی بە ئێمە کۆمۆنیستەکان هەیە بۆ دەرکێشانیان لەم بارە پەشێوی و نائەمنەی ئێستا.

باسی یەکەمی کۆنفرانس لە لایەن هاوڕێ سامان کریم، بەرپرسی ڕێکخراوی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبەوە، پێشکەشکرا لە ژێر ناونیشانی" دەستوری هەمیشەیی عێراق دژ بە خواستەکانی خەڵکی کوردستانە". ئەو لە بەشێك لە قسەکانیدا ووتی"مەسەلەی ئەصلی خەڵکی عێراق و کوردستان، دەستور نیە، ئەوان کۆسپەکانیان لە بونی داگیرکاری وجەنگی تیرۆریستیی و تەقینەوەی ئۆتۆمۆبیل و کوشتاری ڕۆژانەو نەبونی خزمەتگوزاری و برسێتی و نەبونی ئەمنیەت و ئارامی و سەرکوتی ئازادی سیاسی، مۆنۆپۆلکردنی شارەکان لە لایەن میلیشیا حزبیەکانەوە، نەبونی کارەبا وئاوو..... ئەمە کۆسپەکانە و لابردنیان پێویستی بە ڕێکخستنی بزوتنەوەیەکی فراوانی جەماوەری هەیە، لەپێناو کردنە دەرەوەی هێزەکانی ئیحتلال و بینات نانی دەوڵەتێکی عەلمانی وناقەومی" لە بەشێکی کە لە قسەکانیدا جەختی لەسەر پێچانەوەی ئەم دەستورە کرد لە لایەن خەڵکی کوردستانەوەو ڕایگەیاند کە ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردستان

دەیانەوێت خەڵکی کوردستان بە دەستووپێ بەستراوی بخەنە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسیەوە و کوردستان بە زۆر بە بەغداوە بلکێنن. لە کۆتایشدا ووتی خەڵکی کوردستان دەبێت بێنە مەیدان و بە دەنگی بەرز داوا بکەن کە ئەوان "ریفراندۆمێکی گشتیو ئازاد لەکوردستان پێش دەستور"یان دەوێت و حزبی ئێمە لەم مەیدانەدا خەبات دەکاتو کۆنگرەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە کوردستاندا بەدیلی ئێمەیە لە پێناو جێخستنی ئەم خواستانەدا.

باسی دووەم بۆ شەماڵ علی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب، بوو لە ژێر ناونیشانی " پێشهاتە تازەکانی وەزعی سیاسی عێراق و جێگاو شوێنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کۆنگرەی ئازادی عێراق".ئەو لە باسەکەیدا وێڕای تیشك حستنە سەر ئەوزاعی سیاسی ناهەمواری عێراق و شەڕو نا ئەمنیەت و پشێوی و لە بەریەکترازانی شیرازەی مەدەنی کۆمەڵگا بەهۆی داگیرکاری ئەمریکاوەو دانانی ئیسلامی سیاسی و ناسیونالیزم وەك کرێگرتەی خۆی بەسەر خەڵکی عێراقەوە و هەوڵدان بۆ سەپاندنی دەستورێکی ئیسلامی قەومی لە عێراقدا  کە لە کاتێکدا ئەم دەستورە هیچ مانایەکی نیە لەژێر داگیرکاریدا، بەدیل و ڕێگاچارەکانی حزبی بۆ ئامادەبووان باسکرد کە یەکێك لە هەرە پرۆژە گرنگەکانی حزب  کۆنگرەی ئازادی عێراق و کارکردنە بە ڕاگەیاندنەکەی و جێگیرکردنیەتی وەك بەدیلی حکومەتی خەڵك لە عێراقدا.

بە دووای بەشداریکردنی ئامادەبووان لەم باسەانەداو وەڵامدانە بە پرسیارو سەرنجەکانی ئامادەبووان لە لە لایەن هاوڕێیانەوە ڕۆژی یەکەم کۆتایی هات. "دوای ئەوەش بە بۆنەی یادی دوانزەساڵەی دامەزرانتندنی حزبەوە ئاهەنگێکی قەشەنگ سازکرا کە دۆستانێکی زۆری حزب بەشدارییان کرد.

 لە ڕۆژی دووەمدا وێڕای پێشکەشکردنی چەند سەرنجێك لە لایەن کامل احمد لەسەر ڕاپۆرتی کارەکانی پێشوو کە تیایدا تەئکیدی لسەر ئەوە کرد کە زورێك لەوکارانەی کە کۆنفرانسی چوار لەدەستوری کاری خۆیدا دایڹابوو براونەتە پێشەوە و ئاکامی باشیان بووە، بەڵام هەڵوێستەیەك لەسەر کارەکانمان بەوەمان دەگەیەنێت کە ئێمە لە هەندێك کاردا هێشتا سەرەتامانەو لە هەندێکی تریشدا لە نیوەی ڕێداین و چاوەڕوانی ئەوەمان لێ دەکات کە بیگەیەنینە ئاکام. لە کۆتایشدا ووتی کە ئێمە کاری زۆرمان لە پێش ماوە و بۆ ئەوەی هەموو ئەو کارانە بکەین دەبێت زۆرتربین. دەبێت خەڵکێکی زیاتر کە دڵیان بۆ ئازادی و یەکسانی لێ دەدات بیانهێنینە ناو ڕیزەکانی حزبەوەو حزب بەهێزتر بکەین و جۆری کارە کۆمەڵایەتیەکانمان زیاتر بکەین.

دوواتر هاوڕێ فارس محمود، بەرپرسی ڕێکخراوی دەرەوەی حزب، ئەولەویاتەکانی حزبی لە دەرەوەی وڵات خستە بەردەم کۆنفرانس کە لەم مەیدانانەدا چەقی بەست: کۆنگرەی ئازادی عێراق، کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، کۆمەك کردن بە باشکردنی باری مالی حزب، پەنابەران و مەسەلەی دەستوور. ئەمە وێڕای ئەو مەیدانانەی کە کۆمیتەی پێشوو کاری تیاداکردوون. وە کۆنفرانس چوارچێوەی گشتی باسەکەی هاوڕێ فارس محمودی لە دوو توێی بریارێکدا پەسەندکردو کۆمیتەی داهاتوو ئەرکیەتی کە وەزائیفی دیاریکراو لەو باسە دەرکێشێت.

کۆنفرانس کۆمیتەیەکی 13 کەسی هەڵبژارد کە  پێکهاتووە لە هاوڕێیان "جمال محسن، کامل احمد، عمر خەتات، جبار محسن، پەیمان غریب، قمری عادل، بەهار منزر، انور نوری، حسن احمد، سەرکەوت امین، ڕێبوار سعید، شیرین محسن و شیروان ابراهیم".

دووای دوو ڕۆژ لە قسەو باس کۆنفرانس سەرکەوتووانە بە سروودی ئەنتەرناسیونال و لەناو شۆڕو شەوقی ئامادەبوواندا کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا.

لە یەکەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەشدا بە تێکڕای دەنگ کامل احمد وەك بەرپرسی کۆمیتەی نەرویج هەڵبژێردرا. هەروەها هەیئەتێکی تەنفیزی 5 نەفەرە کە پکهاتوون لە هاوڕێیان "کامل احمد، جمال محسن، حسن احمد، قمری عادل و شیروان ابراهیم" بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان هەڵبژێردرا و هەندێ تەقسیم کاری پێویست لە کۆمیتەدا کرا.

**کۆمیتەی نەرویجی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2005/08/31